# لەیادی لۆزاندا شەخسیەتی کورد لەسەردەمی خەلافەت وعەلمانیدا

مەسعود عەبدولخالق

مەبەست لە (شەخسیەتی) وەك پێناسی گشتی پێك دێت لە ژێرخانی سیاسی و مێژوویی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازی و پلەی زانستی. . هەتا دەگاتە ئینتمای شارستانی و هێزی ناسنامە و ڕێزی لە دەستور و ڕێزی وڵاتەکەش لە ناو وڵاتدا. . هەموو ئەوانە بارێکی دەروونی– کۆمەڵایەتی پێك دێنێلە تەوەرەی یەکەمی شەخسییەتی مرۆڤ، تەوەرەی دووەمیش ناوەکییەو پەیوەندی بە دامەزراوی عەقیدە و بروای ئەو کەسەوە هەیە، لیرەدا باسەکەمان تەنها تەوەری یەکەمە، بەئەندازەی نوقستانی لەو ڤاکتەرانە (سیاسی، ئابووری...هتد) ئەو کەسە هەست بە نوقسانی دەکات، بۆیە (هەست بە نوقسانی) بەشێکی گرتگی داینەمۆی شەخسییەتە، (بلاّم نەك بەو تێروانینەی فرۆید و یۆنگ) ، کەواتە پتەوی شەخسییەت و شەخسییەتی کوردیش ئەمپێرێکە نیشاندەری پتەوی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و دەسەلاّتی...هتد، لەسەر ئەو بنچینە بابزانین شەخسییەتی کورد لەسەردەمی خەلافەت پتەوتر بووە یاخود لەسەر دەمی عەلمانی و ئێستادا؟

نیشانەکان و مانای ئەو پتەویە ئێستا چی یە؟پێچەوانەکانی چین؟

ڕەنگە بەراوردێکی ئەو سەردەمەو ئێستا بکەین زۆر بە سانای و بەکورتی لەو دوو زەمەنەی شەخسیەتی کوردبگەین.

(ساگع الحصری) دەڵێ لەسەردەمی خەلافەتی عەدوسمانلی تورك بەمانا و نیشانەی (بێئیدراکی) (1) ناو دەبرا، بۆیە شەخسییەتێکی بەهێزتری نەبوو لەسەر نەتەوەکانی تر وەك زۆربەی رۆشنبیرانمان وای تێگەیشتوون، هەرچەندەهەڵشە کەدەڵێین (نەتەوەی تر) چونکە ئەو کات نەتەوردایەتی بەو واتایەی ئێستا نەبووە، دیسان (ساگع الحصری) کە0مونەزیرێکی عەرەبە و قائیمقامی مەقدۆنیا بووە لەسەر دەمی خلافەتدا) دەڵێ:لەیەك لەدەزگاکانی عوسمانلی نەباسی نەتەوایەتی هەبوو نەرەگەز نامەش لەسەر بنچینەی نەتەوە پڕ دەکرایەوە، ( 2) لەو سەردەمەدا کورد شەخسیەتێکی بە هێزی هەبوو لە چاو ئێستا هەروەك هەندێك لە مێژوو نوسەکانیش دەیگێڕنەوە، لێرەدا چەند نیشانەیەك لەو بەهێزیە هەڵدەبژێرین:

1. سەرەڕای هەندێ سوڵتانی خراپ (کە خراپەیان گشتی بوە نەك تەنیا بۆ کورد) کورد خاوەنی ئیمارەت و دەسەلاتی خۆی بووە، لەو بارەیەوە (محمدئەمین زەکی بەگ) دەڵێ: حکومەتی عوسمانی بەواسیتەی دامەزراندنی بعچی حکومەتی محللی قومی کوردی بەتەواوی لەخۆ رازی کردبوو) (3) .

دەسەلاتی عوسمانلی نەدەگەیشتە ناو کوردان و هەرخۆی حوکمی خۆی کردووە هەتا لە کوردستانی تورکیای ئێستاش، سەرنج بدە (نوری بەیتاری دەرسیمی) دەڵێ: هەرگیز دەسەلاتی عوسمانلی نەگەیشتۆتە دەرسیم هەتا ساڵی 1936 بۆ یەکەم جار عەلمانیە نەتەوەییە کەمالیەکان هاتن ولەگەڵیاندا وێرانیشیان کرد (4) ، ئیدی لەدوای ئەو عەلمانیەو بەردەوامی عەلمانی هەرداگیرو دابەشی کورد بووە، دەسەلات و هێزەکانی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوریو دەرونی لەباریەك هەڵوەشایەوە.

2. کورد دەسەلاتێکی زۆری بەسەر ناوچەکەش هەبووە (تەیمورلەنگ) و (هۆلاکۆ، و. .) لەسەربردەکانی خۆیان باسیان لە (کورد) و (درون) زۆر کردووە، وەسیەتیان کردووە بۆ سەلامەتی خۆیان لێ لادەن، لەچیرۆکێکی یۆنانی بەناوی (گۆرتینGortion) دەڵێ: هەرکەس بتوانی گرێی (گۆرتن) ی کورد بکاتەوە سەرکەوتودەبێت، واتەدۆستایەتیان بکات. . ئەوا زاڵ ئەبێت بەسەر ناوچەکە (5) . ، هەربۆیەش لەپەیماننامە دەولی و هاوکێشە ستراتیژیەکانی ناوچەکە کورد بەشدار بووە، لەپەیماننامەی (بەرین) و (ستیفانۆ) ش لەهەردوو بەشی (16) و (61) داوا لەکورد کراوە کە قابل بن مافی چارەی خۆنوسین بدرێتە ئەرمەن (6) ، بزانە شەخصیەتی کورد چەند بەهێز بووە کەچی ئێستا کورد توانای نیە وەك تەیروتار بەزمانەکەی خۆشی قسەبکات و خۆ ئەو داوایەشی بەتیرۆریست لەقەلەم درا !

3. زۆربەی والی و سەرکردەسەربازیوسەفیری خەلافەت وسەرۆك ئەنجومەنی ئەعیان و شورای باڵا کوردبوینە، کەچی لە سەردەمی عەلمانی هەر زیندان و سێدارەو چەوسانەوە مەگەر بە جاشایەتی و کرێ گرتەیی بەشداریان پێبکەن.

4. هەتا لەدوا دەسەلاتی خەلافەتیشدا (سوڵتان محمد وحيد الدينی پێنجەم) لە ڕێکەوتن نامە دەولیەکان پرس و ڕای بە کوردان دەکردو بەشداریشیان کردووەناوبەشیشیان هەبووە، لە (سیڤەر 1921) شریف پاشا نوێنەری کورد بووە لەگەڵ نوێنەری سوڵتان (هادی پاشا) ئیمزایان لەسەر سیڤەروبەندە گرنگەکانی 62، 63، 64، کردووە. هەر کە دەسەلاتی خەلافەت کزبووەوە لە یەکەم کۆنگرە بەشداری عەلمانی نەتەوەیی (عصمت ئینیتۆ) لە (لۆزان–1923) کرا بۆ یەکەم جاریش بوو ناوی کورد لەوکۆنگرەولە هەر 143 بەند نەهاتبوو. ئیتر کورد مەینەتی بەسەرهات وشەخصیەتی لێدرا.

5– لەبەر بەهێزی شەخسیەتی کورد ئەوا نەتەوەکانی دراوسێی کورد هەموو زمانی کوردیان دەزانی بەڵام کەمتر کورد زمانی ئەوانی دەزانی تەواو بە پێچەوانەی ئێستا، هەتا ئەو دواییەش لە کوردستانی عیراق هەموو عەرەبەکانی نزیك کورد کوردییان زانیوە ... واتە ئیشیان بە شەخسیەتی کورد هەبوە تا ئەو رادەیە بۆ تێکەڵ بوون و پەیدا کردنی شەخسیەتی خۆیان ژنیان داوەتە کوردان مەبەستمان لەوە دیراسەتێکی رەگەز پەرستی نىیە بەڵکو دیراسەتێکی ئەکادیمی و ئەنسرۆپۆلۆجیيە.

6– بنەماڵەی سەیید (کەجێگەی رێزن هەڵبەتە) کاتێ لە دەست زوڵم و زۆری ئەمەوىيەکان پەرش و بلاّو بوون بە جیهانی ئیسلامیدا، زۆێکیان هاتونەتە کوردستان، جێگەی سەرنجە بۆ ئەو دیراسەتەمان کەلەناو میللەتانی تر رەچەڵەکە عەرەبىيەکەیان بە ئیمتیازەوە بۆ پارێزراوە بەتاییبەت لەناو میللەتی فارسدا، کەچی لەبەر بەهێزی فاکتەری کۆمەلاّیەتی و شەخسیەتی کورد توانەوە... کەچی ئێستا هەر شەخسیەتی کوردە دەتوێتەوە بە هەموو ئاراستەکان.

1. 7– لە (World book Encyclopedia) باس لەوە دەکا کەئەو شەپۆڵە تورکمانانەی لەگەڵ هێرشەکانی مەغۆل و تەتەرو جەنگیزخان و تەیموری لەنگ هاتن زۆریان لەناو کوردا توانەوە هەتا سەدەی بیستەمیش، بەپێچەوانەی دوای ئەو سەدەیە کەعەلمانی و نەتەوایەتی هات بە تورك کردن وبەعەرەب کردن تەنگی بە بوونی کورد وا هەڵچنیوە، شەخسیەتی کورد پانۆرامایەکی راستەوخۆی نەخشەی کوردستانیش بووە، ئەوەتا لە بەهێزی شەخسیەتی کورد نەخشەی کوردستانیش دوو سەرسامی ئەو دیاردە دەگمەنە چىيەو بۆچی لەو یازدە ساڵەی فەرمانڕەوایی کورد زیادیشی کردووە، رێژەی تورکمان بەپێی لیژنەی (عصبه الأمم) 1925 لەدوو نەخشەی (6، 8) کەلە 1924/11/13 کەلە لاپەڕە 93، 94، 95یدا هاتووە (9) : لە هەموو هەولێر 1. 5٪ی تورکمان بووە کەچی لەو سەدەیەی عەلمانىدا زیادی کردووە بەتاییبەتی ئێستا نەك بەنەوە بەڵکو بەتوانەوەی کورد بەکەلتورو مێژوو و ناسنامەو زمان و شەخسیەتىيەوە، لێرەدا مەبەستمان نەتەوە گەری نىیە لە روانگەی ئەو مینبەرە نەتەوەکانە کوردستان بەکوردو تورکمان و ئاشوری هەمووی برایە، بەلاّم مەبەستمان دیاردەیەکە کە بۆچی توێژینەوەشی لەسەر کەمە، بە هەمان شێوە بۆ مانەوە کوردەکانی ژێر دەستی حکومەتی عیراق دیسان زۆریان خۆیان بە عەرەب نووسی کەچی دادیشی نەدان دەبێ چی یێ وا شەخسیەت و نەتەوە هەرزان فرۆش بکرێ ... هەڵبەتە نیشانەی لاوازی شەخسیەتی کوردە.

2. خۆنامانەوێ هەموو دیراسەتەکانمان ئاشکرا بکەین ئەگینا بەڵگەنامەیەکی زۆر هەیە لەسەر گۆڕینی ئایینیش تەنیا بۆ ئەوەی بە (پەنابەر) وەرگیرێ.

3. زۆر بە خێرایی (إمتصاص پقافی) یش دەکرێن، هەر کوردە ئێستا لە (سەقافەتی) خەڵکی کوردا دەتوێتەوە ... هەر نمونەیەکەدی سادەتری لە بیر کراو بەپرسانی حکومەتی کورد هەموو (جلی کوردی) لەبەردابوو لەسەرەتادا. . هەرکە لەگەڵ (سەقافەتی) فەرمانبەرانی (UN) و رێکخراوەکانی تر بەیەك گەیشتن لە جیاتی ئەوان بێنە سەر دەستوری کوردەواری یەمکسەر سەرکردەکانمان لە سەقافەتی ئەواندا توانەوەو بووە بە هۆی جل و بەرگ گۆڕین و ...هتد، دیسان وەك هەڵێنجانی نیشانەکانی لاوازی شەخسیەتی کوردە لە بەرزترین پلەدا.

www.kurdistannet.org
10-8-2003 12:05

4. ئێستا لە کوردستان هەموو ساڵێ چەند جار بە بۆنەی جیا جیا یادو جەژن دەکرێتەوە کە فرِی بە سەر کوردو مێژووەکەی و ئایینیو نەتەوەییو نیشتمانی نییە. . هەر بەنموونە: یادی جەژنی سەری ساڵ (1/1) هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە کوردەوە نییە کەچی لە هەموو جەژنەکانی کورد بە رەسمی و میللی ئاهەنگی زیاتری بۆ دەکرێ لە سەرو لەخوار، چەپ و راست ... ئەوە مانای چییە ؟! خۆ ئەگەر خاوەنانی ئەو جەژنە راستەقینە ئەوانیش بەو شێوەیە یادی جەژنێکی ئێمەیان بکردایە ئەوە دەبووە هاریکاری میللەتان ... بەلاّم وەك عاشقایەتییەکە ئێمە سوتاوین و ئەوانیش بێ ئاگان ... گەورەترین نیشانەی لاوازی شەخسەتی کوردە.

5. سەرەنجامی لاوازی شەخسیەتی کوردیشە ئەو دیادانەی خوارەوەی لێ دەبێتەوە:

أ– یەکترمان لابچووکەو خەڵکی دەرەوەمان پێ گرنگە بە شەخسیەت و بیرو باوەرِو پێشنیارو ...... لە هەموو ئاستێکەوە، رۆژانەش نمونە هەر دووبارە دەبێتەوە... ئەوەش توەرێکی گرنگی لەرزۆکی شەخسیەتە کە لە (دەروونناسی سیاسی) دا پێی دەڵێن (دەردی تەقەزووم) .

ب– هەموو هاولاّتی کورد هەست بە نوقستانییەکی دەروونی قوڵ دەکات کاتێ دەبینێ رۆژانە رێزی ناگیرێ لە دائیرەکان، لە بەشداری برِیاری سیاسی، لە دەربرِینی بیرو باوەرِی، لە هاوولاّتییەکەی، لە ماندوو بونەکەی. . لەخاڵی پشکنین کاتێ دەبینی کورد لە وولاّتی خۆی، لەحوکمی خۆی دەوەستێ و پرسیاری تایبەتی لێ دەکرێ خەڵکی کوێی؟، بۆ کوێ دەچی؟، بۆچی دەچی؟، هەڵبەتە پێویستە ئەو پرسیارانە لە بیانییەك بکرێ کەچی بیانییەکە بەوێدا تێ دەپەرِێ هەر سەلامیش ناکا ! ! ... دەیان دیادەی تر وەربگرە ئەوە ئاسایی بووە.

ت– ئەو حیزب و لایەنانەی بەرەچەڵەك کورد نین زیاتر رێزیان لێ دەگیرێ هەر بەنموونە: لە (رێککەوتنی واشنتۆن) ئەو حیزبە کوردستانیە تێکۆشەرو خاوەن شەهیدانە هاوێر کران تەنیا (تورکمان و ئاشووری) بەشداری پرِۆسەکە کران ... زۆر بە روونی لەرزۆکی سیاسی کوردی پیشان دەدات لەناو ماڵی خۆشی.

پ– ئەو پرِۆسەیە گەلێ قووڵ بوەتەوە، هەتا ئایینێکی مەزنی وەك ئیسلام چونکە ئایینی کوردە ئەوە لە بواری رەسمیش زۆر پەراوێزو بچووکە رێگە دەدرێ لە ناو ئەو میللەتەدا ووتەکانی مارکس و دژە ئایینییەکان چالاکی بکەن و بڵێن و بنوسن لە بەرنامەیاندا (ئایین دواکەوتوویییە) ، (ئایینی ئیسلام بەنجە) ، ... کەچی مۆڵەتی (وجاهدوا فى الله حق جهادہ) نادرێ وەك بەرنامە ئیشی پێ بکرێو شەخسیەتیکوردی رووخاوی پێ راست بکرێتەوە. . لەوە سەرسام تر هەرچی دەروازەی راست بوونەوەی شەخسیەتی کوردە دایدەخەن، لە خوێندنی مزگەوتەکان، قەدەغە کردنی کتێبە ئایینییەکان و دەرسی ئایینیو دژایەتی دیاردەی ئیسلامی، حیجاب، ... کەچی هانی دەروازەکانی داروخانی زیاتری شەخسیەتی کورد دەدەن لە کردنەوەی یانەکان و تێکەلاّو کردنی نێرو مێ، هەڵگرتنی باج لە سەر خواردنەوەو فیلمەکان و.... هەموو دێرو ئەپریشاو ناوەندی تر کراوە تایدا هەموو جۆرە دەرسێکی تیا دەخوێنرێ ... ئینجا لە دادگای هەولێر دەرکەوتووە کە تەقینەوەکان و تێرۆرییەکان و تێزابیش چ دەستێکەو چۆن هەروا لە دادگا دۆسیەکەیان ئاشکرا ناکرێ خۆرێکخراوی بیانی و حکومەتی عیراقی دەستی ئەستوریان لەناو حزبە دەسەلاّتدارەکانە... ئیتر بۆ دەبێ تەقینەوەیێ لە دوور بکرێ یەخەی مامۆستایانی بەرِێز بگیرێو ماڵیان بپشکنن ... دەبێ گۆرِینی ناوی قوتابخانەی (أللّه أكبر) بۆ (دیموکراسی) مانای چی ببەخشێ ئەگەر شەخسیەتی کوردو ئایینەکەی لای خۆ بە خۆ لاواز نەبوبێ بۆ دەبێ لەوحەی (أللّه أكبر) بێتە خوارو لەوحەی دیموکراسی هەڵگیرێ لە بەرچاوی قوتابییە چاو بە فرمێسکەکان کراو چەند مامۆستایەکیش لە پەنا گریان ... خۆ ئەوە زۆر لە مەزاریش گەورەترە دەبوایە شین و واوەیلاو رێپێوان بۆ ئەوەش بکرابایە ...

کەوتە نیشانەی شەخسیەتی کورد بەلاوازی سەیر کردنی ئایین و مێژووی و ئینتمای نیشتمانی و کۆمەلاّیەتی ... ئینجا ناووشیارییو دواکەوتوویییو پاشکۆیەتییو سیاسەتی میکاڤیللیەتییو بەژەوەندی پەرستی بێ ئەمەکییو ... ئەوانە هەمووی شەخسیەتی کوردی

لاواز کردووه، هەر ئەوەشە هۆی بنچینەی پەیدا بوونی دیاردەی جاشایەتی بەو قەبارەیەو، هەر ئەوەشە دەردی ئەو سەدەیەی مەینەتی میللەتی کوردمان... ئیتر چارەسەرییەکانیش وەك لە ئەڵقەکانی داهاتوو باسی دەکەین پێچەوانەکانی ئەو رووکارییەیە.

(1) ، (2) ساطع حصری: محاظرات في نشوء القومية

(3) کوردو کوردستان: محمد ئەمین زەکی بەگ

(4) مێژووی دەرسیم: وەرگێڕانی ئەحمەد فەتاح ئاغە

(5) ، (6) کورد لە بەڵگەنامەی ئەرمەنیدا.

(7) ، (8) هەمان سەرچاوەی (3) + کێشەی موسڵ.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.